19-10-2007 23:47بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# تاڵەبانی لە ئوتێلێکی "پاریس"دا چاوەڕوانی سارکۆزییە ببینێت ... بروسک

فەرەنسا

لەسەروبەندی سەردانەکەی تاڵەبانی و وەفدی هاوڕێی بۆ فەرەنسا کە گوایە بە بانگهێشتی فەرمی لە لایەن سەرۆکایەتی فەرەنساوە ئەنجامدراوە کە تەمسیلی وڵاتێکی خاوەن سەروەریی دەکەن ئەویش عێراقە، جگە لە خۆ بچوککردنەوەیەکی نا مەنتیقی شتێکی دیکە دەرهاویشتەی ئەم نوێنەرایەتییە دیپلۆماتییە نییە. وەك ئاشکرایە نوێنەرایەتی دیپلۆماتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەگەر نوێنەرایەتییەکە لە ئاستی پلە یەکەمیش نەبێت کە سەرۆکی کۆماری و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی وڵاتێك و پلە دووی وەزیری دەرەوەی و دواتر ئەو نوێنەرانەی هەڵگری پەیامێکن بۆ وڵاتی دووەم کە مەبەست تیایدا پتەوکردنی پەیوەندییەکان بێت جا لە هەر روویێکەوە چ سیاسیی، ئابووری، کولتووری، ... هتد، بە پێی پرەنسیپی نێودەوڵەتی هەر ئاڵوگۆڕێکی دیپلۆماتیانە پێویستە شێوازی پێشوازیکردن و دانوستان بەرابەر بێت. بەو واتایەی کە سەرۆك کۆماری عێراق لە سەردانی ئێستای بۆ فەرەنسا بە نمونە وەربگرین جیا لەوەی دەبێت بە سەردان و بانگهێشت یاخود داواکارییەك لە هەر لایەکەوە بێت بە فەرمی بێت، تاوەکو بزانرێت ئەو نوێنەرایەتییە بۆ چ مەرام و پێناوێك هەنگاو دەنێت. کەچی تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراقی بەناو فیدراڵ جیا لەوەی کەوەك چاودێرانی سیاسیی کورد لە دەرەوە تێبینیان کردووە بەفەرمی بانگهێشت نەکراوە بەڵکو لە سەردانی چەند رۆژەیدا جگە لە وەزیری دەررەوە (کۆشنەر) نەیتوانیبوو بەپرسێکی دیکە ببینێت نەخاسمە سارکۆزی. بۆ منی کوردی هەندەران گرنگ ئەوە نییە تاڵەبانی وەك سەرۆکێکی عێراقی لە ئاست چەندایەتی و چۆنایەتی نوێنەرایەتیکردنییەوە چی دەدورێتەوە بەقەدەر ئەوەی کە تاڵەبانی وەك سەرۆك کۆمارێکی کورد لە وڵاتێکی فرە نەتەوە و ئایین بەم خۆ بچوککردنەوە و هەست بەکەم و کوڕی کردنەی وەك سەرۆکێکی کەم توانا و نەشارەزا لە ئەدای سەرۆکایەتیکردنی وڵاتێکی خاوەن سەروەری وەك عێراق چی دیکەی لێ دەخوێندرێتەوە؟، لە کاتێکدا ئەوە بۆ چەند رۆژ دەچێت تاڵەبانی و وەفدی هاوڕێی لە فەرەنسا دوای پێشوازی نەکردنی وەك سەرۆکی عێراق لەلایەن هاوتا فەرەنساییەکەی بەڵکو لە هوتێلێکی ئەو وڵاتە کە لە لایەن سەفارەتی عێراقییەوە بەکرێ چەند ژورێکیان بۆ دابین کراوە، پاڵی داوەتەوە و وەك ئەوەی وڵاتەکەی شامی شەریف بێ و نەبای پێدا هاتبێت و نەباران.

دەپرسم وەك پرسی هەر کوردێکە چ لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوە چ حیکمەتێك لەم سەردانە بە پەلەیەی تاڵەبانی هەیە و چ واتایەك و رەوایەتیدانێکە بەسەروەری عێراق بەم هەموو چاوەڕوانییەی داخوا کەی "سارکۆزی" هاوتای دەیبینیت؟،

ئایا ئەمە خۆ بەکەم زانی و کەم و کوڕیی لە ڕادەبەدەر نییە لە وجودی تاڵەبانیدا وەك سەرۆکی وڵاتێك و دیپلۆماتکارێکی نا سەرکەوتوو؟، یان وەك کوردێك هەست بە کەم وکوڕی دەکات و خۆی لەو ئاستەدا نابینێت وەك سەرۆکی وڵاتێك پێشوازی لێ بکرێت؟.

گرینگی پەلەکروزەی تاڵەبانی و چاوپۆشی کردنی لە چۆنیەتی پێشوازیکردنی لە لایەن کاربەدەستانی فەرەنساییەوە، روون نییە هەموو ئەو چاوەڕوانی کردنەی کە شێواوی و بێ بەرنامەیی سەرۆکی عێراق نەبێ شتێکی دیکەی لێ ناخوێندرێتەوە؟. ئەمە جیا لەوەی سەردانەکە لە لایەن میدیاکانەوە نەبووە بە مایەی گرینگی پێدان. ئەگەر وانییە نوێنەرایەتیکردنێك لەو ئاست بەرزییەیدا دەکرێت بەدەر لە هاوپەیمانێتی کردن و پتەوکردنی پێوەندی توندوتۆڵ هەر چ نەبێت هەڵوێستی پشتیوانی کارانەی فەرەنسا لە لایەن سەرۆکایەتی ئەو وڵاتەوە بەدوای هەڕەشەکانی تورکیاوە بۆ سەر خاکی هەرێمی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
19-10-2007 23:47بەکاتی ناوەندی ئەوروپا
کوردستان لە دیداری لەگەڵ بەرپرسانی باڵای فەرەنساوە سەرکۆنەی لەشکر کێشی تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان بکەن، ئەو کوردستانەی تاڵەبانی گەیاندووەتە پلەی سەرۆکایەتی عێراق.
بەڕاستی شەرم لە خۆم دەکەم کاتێك دەبینم دوای پێنانە نێو قۆناغێکی نوێوە بە هەموو ئەو قوربانی دانە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە و بتکەن بە سەرۆك کۆماری وڵاتێکیش نەتوانیت لە ئاست ئەو بەرپرسیاریەتیەدا بیت کە مایەی شانازی پێوە کردن نەبێت و کەمکردنەوەش بێت لە توانایی و ئیرادەی پتەوی میللەتێك. چونکە دەکرێت بۆ راگرتنی هاوسەنگی و خۆ بەکەم نەزانین لەبری هەنگاونانی نەشیاو دان بەخۆدا گرتوو بێت و لەسەر کورسی خۆی ئۆقرە گرتوو بێ و، پەلان بۆ ئەملاولا نەهاوێ و پلان و بەرنامە بۆ هەر هەنگاوێکی بوونی هەبێت. بەڕاستی شەرمەزارییە سەرۆك کۆمارێکی وڵاتێکی زەبەلاح بۆ دیداری هاوتاکەی تەنانەت لە ئوتێلێك ئەویش سەفارەتی وڵاتەکەی خۆی بۆی بەکرێ بگرێت هێندە لە چاوەڕوانیدا بێت.. !!
بۆیە لەم مینبەرەوە داوا دەکەم با تاڵەبانی چی دیکە نە بەناوی کورد و نە بەناوی سەرۆکایەتی عێراقیشەوە خۆی و گەلەکەی و سەروەری عێراقیش بە بەر چاوی جیهان بچوك نەکاتەوە. خۆ تەمەنی زۆر عەیبە نییەو دەشێت تاڵەبانی تا کۆتایی وادەی سەرۆکایەتی کردنی کۆماری عێراق بە بێ دەنگی بمێنێتەوە نەوەکا لێدوان و هەوڵەکانی دووچاری هەڵەو سەرلێشێواوی زیاتری بکەن و گەلەکەیشی دووچاری ناڕەحەتی زیاتر بکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.